

## ملپێچ و دەسبەندی قوماش

ملپێچ مەرج نییە تەنیا بۆ وەرزی زستان و کەشی سەرما بێت، چونکە وەك خشڵێکی بەردەوام بەکاردەهێندرێت، ملپێچی ئەستوور بۆ کاتی زستانە و تەنکیش بۆ هاوین و بۆ ڕازاندنەوەیە، کە مۆدێکی ناسك و ڕەوانی هەیە، چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەن بۆ بەکارهێنانی ملپێچ و دەسبەندی قوماش، کە بریتین لە: پارچە قوماشێك لە مل دەکرێت، یان لە دەست دەدرێت، یان تەنیا لەسەر شانت دادەنرێت، ئەگەر گەورە بێت، هەروەها ئەگەر تەنك و ناسك بێت، دەکرێت لە ملت بئاڵێندرێت، سەبارەت بەوەی سەر دەستیش، وەك شێوەی قردێلە و گوڵ لەسەر دەست ببەسترێت جوانترە، یان دەکرێت لەگەڵ پشتێنت بێت، بەڵام ئەوە مۆدێکی ناسك نابێت، بۆیە وەك خانمێك دەتوانی زیاتر لە مل و دەستتی بدەیت، هەروەها دەکرێت لایەکی ملپێچەکە درێژتر بێت لەوەی دیکە، تا نموونەی ناسکیی پێوە دیار بێت، هەروەها دەتوانی ڕەنگی ملپێچ و دەسبەندی قوماش لەگەڵ ئێکسسوار و خشڵەکان شیك بکەیت، بۆ ئەوانەی کە دەسبەندی قوماش لە دەستیان دەئاڵێنن، هەولبدەن ڕەنگێکی زەق و کراوە بێت، جگە لەوەی مۆدێکە بۆ جوانی، هەروەها کەرەستەیەکە دەتوانی لەکاتی بەر هەتاو بەسەر چاوت و رووخسارتدا بدەیت.

## ڕێنماییەکان بۆ هێشتنەوەی

پسپۆڕی جوانکاریی بەریتانی (ئیزابیت شاندەلەر) چەند ڕێنماییەکی دەربارەی مانەوە و هێشتنەوەی جوانیی برژانگەکان خستۆتەڕوو، بەو پێیەی کە برژانگەکان نموونەی جوانیی رووخسارن، کە ڕێنماییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دیمەنی برژانگەکان بۆ زۆرترین ماوە بە سرووشتی دەهێڵێتەوە، تەنانەت هەندێ جار بۆ ماوەی (٣ تا ٤) هەفتە دەخایەنێت، ئیلزابیت دەڵێ: «پێویستە خۆت بە دوور بگری لە کەرەستەکانی جوانکاری، بە تایبەت ئەوانەی بۆندارن، هەروەها خانمان پێویستە بزانن کە برژانگەکان دژی بوخار و هەڵمن، بەرکەوتنیان بە هەڵم دەبێتە مایەی لەناوچوون و تێکچوون، تۆش هەولبدە هەمیشە لە کەرەستەکانی



# مۆدی گواره بەپێی براند و خشڵەکانی جیهان

لە وەرزی هاویندا زیاتر جلی بێ یەخە و ملیوان دەپۆشرێت، ئەمەش واتە دەرخستنی بەشێکی زۆری مل و بەرۆك و سەر، بەم چەشنە، گوارەکان زیاتر بەرچاو دەبن، بۆیە تۆی خانمیش دەتوانیت سوود لە جوانیی گوارەکان وەربگریت، تا نموونەیەکی زیندووی خشڵەکانی جوانیت هەبێت، گوارەکان کاتێك ناسکی و بریقەیان پێوە دیارە، لەگەڵ تیشکدا دەبریسکێنەوە و بە جووڵە ناسکەکانیان دەزرینگێنەوە، دەبنە سەرنجڕاکێشترین ئێکسسوارەکانت، مۆدە تازەکانی گوارە لەلایەن مارکەکانی جیهانییەوە دیاری دەکرێن، وەك: گوارەی مرواریی بریسکەدار، لە مارکەی هۆبس، کە یەکێکە لە جوانترین مۆدەکانی گوارە و بۆ کاتی دەرچوون و گەشت گونجاوە، گوارەی ئەندریا ترتۆاسشیال، لە نەخشی گیانداران و باڵندەکان، مۆدێکی باوە، بە تایبەت ئەگەر لە ڕەنگی نیۆد و شین بێت، بۆ کاتی ئاهەنگ و بۆنەکان دەشێت، گوارەی باڵنسیاگا، لە ڕەنگی ڕەشە و مۆدێکی پڕ کەسایەتی و ڕازاوەیە، گوارەی مۆدە ئیترۆ، لە ڕەنگی زێڕی و زەردە، بۆ کاتی شەونشینی و میوانی گونجاوە، گوارەکانی ئیزابێل مارانت، لە ڕەنگی کریستاڵ و زێڕ، بۆ کاتی سەردان ڕازاوەیە، گوارەکانی ڕۆکسان، لە شێوەی زیووی و ڕەنگاوڕەنگ، بە تایبەت تێکەڵ لە ڕەنگەکانی (وەنەوشیی، زێڕی، پەمەیی، پرتەقاڵی) ناوازەن بۆ بازاڕ و دەوام و زانکۆ.



# جوانی و ناسکیی برژانگ

برژانگی وشك بەدوور بیت، بە تایبەت دوای ئەوەی ماکیاژی برژانگت دەکەیت، پێویستە وشك بێت، کە ئەوەش بەندە بەپێی ئەو جۆرە برژانگەی بەکاریدەهێنیت، لە کاتی ماکیاژکردنیش مەهێڵە پاشماوەی ماکیاژ بەر دەوروبەری چاوەکانت بکەوێت، پێویستە دوای هەر ماکیاژ پاککردنەوەیەك، برژانگەکانیشت وشك بکەیتەوە، ئەوەش بە بەکارهێنانی فڵچەی ماکیاژ، لە بیریش مەکە لە بەشی خوارەوەی برژانگەوە پاڵی پێوە بنێ و پاڵپەستۆی بخە سەر، فڵچەی ماکیاژیش بەکاربهێنە بۆ جیاکردنەوەی برژانگەکانت، تا بەر یەکتر نەکەون.





## ژووری تووڕەیی و شکاندن

هەندێ جار مرۆڤ بە هۆی ناجێگیریی دەروونی و پاڵەپەستۆی هەستەوەر دەبێت و دەیەوێت هەرچی لە دەوروبەری هەیە وردی بکات و بیشکێنێت، ئەمەش جگە لە زەرەری ماددی و شکاندنی کەلوپەلەکان، هیچی دیکەی بە دواوە نایەت، پسپۆڕانی دەروونناسی ئەو بوارەیان بە هەل زانیوە، هەڵساون بە دانانی ژوورێك بە ناوی (ژووری تووڕەیی)، کە وەك چارەسەرێکە بۆ ئەوانەی تووڕەن و دەیانەوێت تووڕەییان دەرببڕن، کەسێك بە ناوی (کیۆ سیۆ) ئەو داهێنانەی دەروونناسانی بە بیرۆکەیەکی باشتر جێبەجێ کردووە، کە پرۆژەیەکی بە ناوی (تووڕەییت بە تاڵ بکە) داناوە، لە چەند ژوورێکدا کەرەستە و کەلوپەلی بێکەڵك و لە کارکەوتووی داناوە، ئەوانەی حەز بە شکاندن و تێکشکانی کەرەستەکان دەکەن، دەتوانن تەنیا بە (٢٣) دۆلار، بۆ ماوەی (٣٠) خولەك هەرچی کەلوپەلی ئەو ژوورە هەیە بیشکێنن و توندڕەوییان دابمرکێننەوە، ئێستا ئەو بیرۆکەیە زیاتر پەری پێدراوە و لەلایەن کۆمپانیای سماشی چینی بۆتە یەکێك لە پرۆژە پڕ جەماوەرییەکان و بۆ خۆشی و بەتاڵکردنەوەی تووڕەیی سوودی لێ دەبینرێت.

## بازاڕ و دەرچوونی شەوانەی خ



بازاڕی شەوانە، یەکێکە لە فاکتەرەکانی بواری گەشتیاری، جگە لەوەی خەڵك بۆ پێدوایستی سەردانی شوێنە گشتییە ناسراوەکان دەکات، هەروەها بۆ کات بەسەربردنیش روو لە بازاڕەکان دەکەن، لە هەندێ وڵات بازاڕ و دەرچوونی شەوانە نییە، کەچی لە کوردستان و چەندین وڵاتی دیکەدا بازاڕی شەوانە هەیە و وەك ئامرازێك خزمەت بە بواری گەشتیاری دەکات، شەوانەی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی جۆش و خرۆشی پێوە دیارە، ئەگەر شەوانە روو لە بازاڕی گەورە و مۆڵەکان بکەیت، خەڵکێکی زۆر دەبینی، کە بەشێکیان بیانی و گەشتیارن، رێژەی گەشتیارانیش لە ساڵی پێشوودا (٢٠١٨) گەیشتە (٣٠٥٧٠٠) گەشتیار، جگە لەوەی خەڵکی کوردستان باوەشیان بۆ میوانان و خەڵکی بیانی و گەشتیاران کردۆتەوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزار و ناوەندەکانی دیکە گرنگی بەو بوارە دەدەن و خەڵکیش بۆ کاسبیی خۆیان و بەڕێکردنی



## چایخانە و قاوەخانە لەسەر چیا

لە وڵاتی چین، لە بەرزترین زنجیرە چیاکاندا قاوەخانە و چایخانەیان دامەزراندووە، یەکێك لەوانەش چایخانەیەکە کە دەکەوێتە سەر چیای (هوا) کە پێشتر پەرستگای بوزییەکان بووە، ئێستا کراوەتە قاوەخانە و چایخانە، زنجیرە چیای هوا دەکەوێتە ناوچەی (شانخی) بە دووری (١٢٠) کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی شاری (خیان)، بەرزی ئەو چیاە دەگاتە (٢١٦٠) مەتر، پێویستە تا دەگەیتە ئەو شوێنە بەسەر رێگاوبانێکی ناخۆشدا سەربکەویت، چایخانەکە ناوی (هواشان)ـە و بەناوی ئەو ناوچەیەوە کراوە کە زنجیرە چیا بەرزەکانی چین پێکدەهێنن، دوو رێگا هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ چایخانەکە، یەکێکیان بە رێگەی شاخەوانییە کە سەرکێشییە و ئەوەی دیکەش بە رێگەی ئۆتۆمبێل تا بەرزاییەك دەچیت و پاشان بە پێی سەر دەکەویت تا دەگەیتە چایخانە بەرزەکە، گەشتیارێکی زۆر روو لەو شوێنە دەکەن، ساڵی پار زیاتر لە (٢) ملیۆن کەس بۆ نۆشکردنی قاوە و چای بە پەرۆشەوە سەردانی ئەو چایخانە و قاوەخانە بەرزەیان کردووە.

## ئارایشتی قژی رەنگاورەنگ

مۆدەکانی قژ هەر یەکە بە شێواز و ئارایشتێك دەکرێن، بەڵام ئەوەی لای ئارایشتکاری ویلایەتی لۆس ئەنجلیس دەگوزەرێت، مۆدێکی تازەی قژە، ئەو ئارایشتکارە ناوی (دانێل مۆن)ە، تەواوی مۆدەکانی قژی رەنگاوڕەنگن، وەك ئەوەی پەلکە زێڕینەکی بۆ قژی کەسەکان کردبێت، سەرەتای کارکردنی وەك ئارایشتکار بە رازاندنەوەی هەریەکە لە (مادۆنا و کاتی پێری و نیکۆل ریتچی و زۆی کراڤیتز) دەستی پێکردووە، ئێستاش ئەو جۆرە ئارایشتەی داهێناوە، کە چەندین رەنگ بۆ ستایلێکی قژ بەکاردەهێنێت، دانێل پێیوایە کە ئەو ستایلە بۆ پیاوان زیاتر شیاوترە لەوەی ئافرەتان بۆ قژیان بیکەن، تا ئێستا چەندین نمایشی قژی رەنگاوڕەنگی کردۆتەوە، رەنگە لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە مۆدەکانی ئارایشتی قژی ئاسایی.




## ــــــەڵک لە کوردستان و جیهان


کاتەکانیان لە شەوانەدا دووکان و بازاڕیان بە رووی خەڵك و گەشتیاراندا واڵا کردووە، شەوانە خواردن و شیرینی و جۆرەها شەربەت و چەرەزات و هەندێ لە کەرەستەی پێویست لە بازاڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بازاڕی شەوانە جگە لەوەی بۆ کات بەسەربردنە، هەروەها ئەوانەی بە رۆژ خەریکی کارن، دەتوانن شەوانە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان روو لە بازاڕەکان بکەن، لە وڵاتی تایلەندیش هەمان کولتوور پەیڕەو دەکرێت، کە ژمارەی گەشتیارانی لە ساڵی رابردوودا گەیشتە (٣٨) ملیۆن گەشتیار، بازاڕێکی ناوازەی شەوانەیان هەیە، کە بە گلۆپ و رووناکیی رەنگاوڕەنگ بۆتە سەنتەرێکی گەورەی گەشتیاری و یەکێکە لە جوانترین دیمەنەکانی شەوانەی ئەو وڵاتە، لەو وڵاتە خەڵکی ئاسایی وەك رێبەری گەشتیاری بە خۆرایی کار دەکەن، هەر تاکێك رێبەرێکە تا خەڵکی گەشتیار و بیانی بەرەو ناوەندەکانی گەشتیاری و شوێنە گشتییەکان ببەن.



## خۆشەویستییەکی ٧٥ ساڵە



کات ڕۆبێنز کە سەربازێکی فەڕەنسی بووە، لە ساڵی (١٩٤٤) لە جەنگی جیهانیدا خۆشەویستییەکەی بە ناوی (جانین گانای) جێهێشتووە و بە ئومێدی دووبارە گەڕانەوە ماڵئاواییان لە یەکتر کردووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی سۆراخی ئافرەتەکەی نەزانیوە و لە یەکتر ون بوون، دوای (٧٥) ساڵ، کە سەربازەکە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا یەکێك لە وێنەکانی نیشان دەدات، لە وێنەکەدا کچەکە دەردەکەوێت، دواتر کچەکە پەیوەندی بە پیاوەکەوە دەکات و بە یەکتر شاد دەبنەوە، ئەوەی سەیرە جانین لە خانەی بە ساڵاچووان دەژی و دوای ئەوەی بە یەکتر شاد دەبنەوە، لە تەمەنی (٩٧) ساڵی و (٩٤) ساڵیدا هاوسەرگیری دەکەن.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی واتادارە، باس لەو کەسانە دەکات کە ڕێگریی ژیان لە بەردەمیاندا زۆرە، ناتوانن هیچ هەنگاوێك بهاوێژن بەهۆی ئەوەی لە بەرامبەریاندا، دژایەتی و بەربەست هەیە.

## بۆ زانین

**مانای ناوی کیشوەرەکان:**


هەریەك لە ناوی کیشوەرەکانی جیهان، واتاو هۆکارێکی تایبەتی ناونانەکەی هەیە، کە لەناویاندا و بە پێی گێڕانەوە مێژووییەکان شیکار و واتای سەرنجڕاکێشی لەخۆگرتووە، کە ئەوانەن:

ئاسیا: لە زمانی سانسکریتی بەواتای خۆر دێت، یان ئەو وڵاتانەی خۆری تێدا هەڵدێت.

ئەفریقیا: بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان پاشایەك حوکمی زۆربەی ناوچەکانی ئەفریقیای کردووە، کە ناوی (ئەفریقش بن سەیفی) بووە.

ئوسترالیا: لە زمانی بۆلینیزیا بە واتای وڵاتی باشوور دێت.


ئەورووپا: لەبارەی ناوەکەیەوە چەند سەرچاوەیەك هەیە، بەڵام نزیکترینیان باس لەوە دەکات کە ئەمە



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا ئافرەتێك و ئەسپێك هەن، هەوڵبدە بزانیت کە ئایا ئەسپ و ئافرەتەکە بەرەو لای تۆوە دێن، یان دوور دەکەونەوە، وێنەکە واگیراوە کە وەك سێبەر دەربکەون، تۆش هەوڵبدە ڕاستیی فێڵکاریی وێنەکە بزانیت.

## پردی شووشە




پردەکان، واتە بەستنەوە و تێکئاڵاندنی دوو پارچە، بەڵام ئەو پردە بە یەکێك لە پردە سەیرەکانی جیهان دادەنرێت، ئەو پردە بەشی سەرەوەی لە شووشەیە، دەکەوێتە کەناری (ئیلوتێرا) لە کەنداوی (ئەلباهاما)، کە ئەویش دەکەوێتە نێوان زەریای ئەتڵەسی شین و کەنداوی (ئیلۆتێرا)ی فەیروزی ڕەنگ، پلەی گەرمی لە سەر ئەو پردە لە نێوان (٢١ تا ٢٥) پلەی سیلیزییە، شوێنێکی دڵڕەفێن و فێنکە، ئەوەش وایکردووە کە ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری، بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئەوانەی سەردانی دەکەن، لە ترسی ئەوەی شووشەیە و دەترسن بشکێت، ناوێرن بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پردەکە بمێننەوە و وێنە بگرن.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

خۆت لە کاروباری کەسانی دیکە وەرمەدە و هەوڵبدە کارەکانت جێبەجێ بکەیت، یاری بە هەستت مەکە، بەراورد بە ساڵی ڕابردوو دەتەوێت دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنیت، هەندێك گرفت دێنە سەر ڕێگای خەونەکانت، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری و تواناکانت چارەسەری پێویستیان بۆ دەدۆزیتەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

خەریکە دەگەیتە خەونەکانت، لەم ماوەیەدا کارەکانت جێبەجێ دەبن، هێندە خۆت خەمبار مەکە و با دڵت گەورە بێت، چەند هەواڵێکی گرنگ و خۆشت پێ دەگات، چاوەڕوان بە، کە کاتی خۆی هات هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت و تا ڕاددەیەك سەرەتایەکی نوێ لە ژیانت دەست پێ دەکات.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ماوەیەکە خەریکی کاری تازەی و بەردەوام بە، ئەو کەسەی هەوڵی لەبیرکردنی دەدەیت و پێت وایە ناتوانی لەبیری بکەیت، هەوڵ بدە کاردانەوەی ئەویش بزانیت کە ئایا ئەویش دەیەوێت تۆ لەبیرت بکات، ئەو کاتە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئایا وا باشترە لەبیری بکەی، یان نا.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خەمەکانت بشارەوە و شتێك مەکە ببێتە مایەی بێزاریت، کەسێك چاودێریت دەکات، لەوانەیە ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکی نزیکت زۆر بەهێز نەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زیاتر یەکترتان خۆش دەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی نێوانتان لە جاران زۆر بەهێزتر بێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە و بەرەو داهاتوو بڕۆ، ئەگەر کەسێك هەیە زۆر بیری لێ دەکەیتەوە و خۆشت دەوێت و پێت نەوتووە، ئەو چۆن بزانێت کە خۆشت دەوێت، بۆیە پێویستە هەستی خۆتی پێ بڵێی، ئەگەر پێت وایە ناتوانیت خۆت پێی بڵێیت، داوای یارمەتی لە هاوڕێیەکت بکە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە لە داهاتوو بڕوانە، کەسێك یارمەتیت دەدات و دەیەوێت دڵت خۆش بکات، لەوانەیە لەماوەی داهاتوودا یەکێك لە خەونەکانت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت، ببێتە ڕاستی، لەهەمان کاتدا پێشبینی دەکرێت ئاسوودەیی و سەرکەوتن ببێتە ناونیشانی ژیانی داهاتووت.

## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیەدا چەند جیاوازییەك هەیە، هەوڵبدە بیاندۆزیتەوە!





## پەند و وتە

ڤیرجینا وۆڵف، نووسەری ئینگلیزی، یەکێکە لە ڕەخنەگران و نووسەرانی سەدەی (٢٠) و لە ساڵی (١٨٨٢) لەندەنی پایتەختی شانشینی یەکگرتوو لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٤١) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خوێندنەوە دەڵێ: «خوێندنەوە واتا بە دوای هەستەکانت بکەویت، مێشك و هۆشت بەکاربهێنیت، جگە لەوانەش بگەیت بە ئامانج و بیرکردنەوە و دەرەنجامی تایبەت بە خۆت».

## ـــاریت



ناوی کچی یەکێك لە پاشاکانی فینیقییە بەناوی پادشا ئاجینۆڕۆ بووە، کە لەلایەن شازادەیەکی یۆنانەوە رفێندراوە.

ئەمریکای باشوور و باکوور: ئەو دوو کیشوەرە بەناوی دەریاوانێکی ئیتاڵییەوە ناونراون، کە دوای کریستۆڤەر کۆڵۆمبۆس توانی زۆربەی ناوچەکانی ئەو دوو کیشوەرە بدۆزێتەوە، کە ناوی (ئەمەریکۆ فینسۆبیجی)بووە.




جارێکیان مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابییەك دەپرسێ: تەماتە بە ئینگلیزی چی پێ دەڵێن؟ ئەویش دەڵێ: تۆماتۆس، ئەوجارە دەڵێ ئەی پەتاتە؟ دەڵێ پوتاتۆس، دەڵێ ئەی خەیار؟ دەڵێ: خەیارۆس! مامۆستاکەش دەڵێ: دانیشە ساقیتۆس!



## پوختەی فیلم

### ناوەڕاستی هاوین – Midsommar

فیلمێکی دراما و ترس و شانۆییە، باس لە دوو خۆشەویست دەکات، کە سەردانی فیستیڤاڵی نیوەی وەرزی هاوینی سویدی دەکەن، لەوێوە تووشی کارەسات دەبنەوە، کە کەسانێك لە نێو فیستیڤاڵەکە بە دوای کوشتنی ئەوانەوەن، ماوەی فیلمەکەدوو کاتژمێر و (٢٧) خولەکە و لە دەرهێنانی (ئاری ئەستەر)ە، لە شاری نیویۆرك وێنەی گیراوە، بودجەی فیلمەکە نۆملیۆن دینارە و لە نواندنی (وێل بۆتەر و فلۆرێنیس فوگ و ویلیام جاکسۆن و جاك رایۆنەر و جولیا راگنارسۆن)ە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خەریکە بە ئامانجەکانت دەگەیت، پێشبینی دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارەت دەست بکەوێت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەی، ئێستا پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت وەك جاران نییە، بەهۆی یارمەتیی هاوڕێیەکت پەیوەندییەکە ئاسایی دەبێتەوە، تۆش هەوڵبدە سوود لە هەڵەکانی رابردووت وەربگریت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

یارمەتیی دەوروبەرت بدە، وامەکە ژیانت تێکبچێت، بەخت دەبێتە هاوڕێت، بۆیە ئەوەی پێت وابوو کە زۆر سەختە، ڕەنگە بە ماوەیەکی کەم ببیتە خاوەنی، لەسەر کەسانی خاوەنی ئەم بورجە پێویستە زۆر ئاگاداری وردەکاریی پێشهاتەکان بن و متمانە بە هەموو کەسێکیش نەکەن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

مەهێڵە خەمەکانت ببنە مایەی بێزاریت، کردارەکانت جوانن، لە زۆربەی بوارەکاندا هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری دەکەی، پێویستە زیاتر هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەیت، لەبەر ئەوەی هەندێك لە هاوڕێکانت پێیان وایە ئەوانت لەبیر کردووە، بۆیان بسەلمێنە کە لەبیرت نەکردوون.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کەسێك دەیەوێت هاوبەشیی کارەکانت بکات، تۆش هاوکاری بکە، بەو شێوەیە سەیری ئایندەت مەکە و ڕەشبین مەبە، لەئایندەیەکی نزیکدا هەواڵێکی خۆشت پێدەگات و بۆت روون دەبێتەوە کە دەکرێت زۆر دەستکەوتی گرنگ بە دەست بهێنیت، پێویستە گەشبین بیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەزیەتی خۆت مەدە و پارێزگاری لە خۆت بکە، ناکرێت بەم شێوەیە ئازاری هەستی کەسی بەرامبەرت بدەیت، کەسێك لە رابردوو زۆر تۆی خۆشدەویست و هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون، بەڵام ئێستا ئەوت لەبیر کردووە، ڕێگا مەدە گرفتێکی بچووك کار بکاتە سەر پەیوەندیت لەگەڵ هەر کەسێك.



**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەگەڵ کەسێك کارەکانتان بە جوانی بەڕێ دەکەیت، بۆیە یارمەتیی یەکتر بدەن، ماوەی داهاتووت سەخت دەبێت، کات زۆر درەنگە و ئەو نهێنییەی کە ماوەیەکی زۆرە بەنیازی بە کەسی بەرامبەری بڵێی، هەوڵبدە قسەی بۆ بکەیت، مافی خۆیەتی ئەویش ئەو شتە بزانێت کە لەنێوانتاندا بە شاراوەیی ماوەتەوە. باری داراییت لە رۆژانی داهاتوو باشتر دەبێت.